# له یادی 60 ساڵەی کارەساتی هێرۆشیماو ناکازاکیدا
# بۆش و سەرانی تری دونیای سەرمایەداری
# بە دەستی خۆێناویەوە فرمێسکی تیمساحییانەیان بۆ ڕشتن

شێرزاد فاتح
sherzad_f@yahoo.com
ئایاری 2005

9 ئایاری 2005 ، 60 ساڵ بەسەر گەورەترین کارەسات و تراژیدیای مرۆییدا تێپەڕبوو ، کارەساتێك کە بۆ یەکەمین جار ڕژێمی ئەمەریکای مودەعی مافی مرۆڤ ودیموکراسی یەکێك لەگەورەترین تاوانە کەم وێنەکانی لەدژی بەشەرییەت تۆمار کرد، دوای ئەوەی کە لەشەری جیهانی دووەمدا سوپای ئەمەریکا لەشەڕیدا لە دژی وولاتی یابان شکستی خوارد بە تایبەتیش هێزی ووشکایی ئەمەریکا، فڕۆکە سەربازییەکانی ئەمەریکا ڕۆژی 1945/5/6 ، بە دوای ئەودا بە سێ ڕۆژ واتە 9 /1945/5 بە بۆمبی ئەتۆمی هەردوو شاری هیرۆشیماو ناکازاکیان بۆمبارن کرد.

توانای کاریگەری دانانی ئەو بۆمبانەی کە ڕژێمی ئەمەریکا دژی دووشار و لە دژی خەڵکی مەدەنیدا بەکاری هێنا بەشێوەیەك بوو کە لە دووری 50کم لە چەقی تەقینەوەکەوە توانای سوتاندنی هەرشتێکی هەبووە کە لە سەر ئاستی ڕووی زەویدا بووە و لە سنوری ئەو دووریەوە خەڵکی کوشتووەو سوتاندووە، ئەو ماددە تیشك هاوێژانەی کە بەکار هاتبون یەکێك بوون لە جۆرەکانی( یۆرانیۆم و بلۆتۆنیۆم)، یەکێك لە سیفەتەکانی ئەم بۆمبە ئەتۆمیانە ئەوەیە کە لە ناوەوەی ناوکی ماددە کەدا گەردیلەکان چەند زنجیرە تەقینەوەیەکی یەك لە دوای یەك ئەنجام ئەدەن و هەتا دێت هیزو تەوژمی تەقینەوەکە بەهێزتر دەکات و بەم پێیەش کاریکەی زیاتری دەبێت.

بۆمبە ئەتۆمەکانی ڕژێمی ئەمەریکا لەدژی خەڵکی مەدەنی هیرۆشیما و ناکازاکی لەو بۆمبانەبوون کە تا زیاتر لە (500 – 1000 م) لە چەقی تەقینەوەکەوە هەر جۆرە خانوو بەرزایی و شتێك لە بەردەمی دا بێت لە گەڵ ئاستی زەویدا تەختی کردووە ، تەنها بەم دوو بۆمب بارانەو تەنها لەم دووشارەدا نزیك بە 380000 خەڵك لە ژن و منداڵ و پیرو جوان کوژران ، سەبارەت بە کاریگەری دانانی بۆمبە ئەتۆمییەکانی ئەو ڕژێمەی کە ئێستا بۆش سەرۆکایەتی دەکات لەسەر ژینگەو ئەو مرۆڤانەی کە لەو کاتەدا و لەم کارەساتە تراژیدیەدا ڕزگاریان بووە، ئەوەندە لایەنی خەتەرناك و زیانباری هەبووە ، کە باس کردن لە هەرکامیان جەلادی و مامەڵەی دڕندانەو دژی مرۆڤانەی ڕژێمی ئەمەریکا بۆ هەموو بەشەرییەت سەدان جار دەسەلمێنێت.

لێرەدا پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئەم بەدوادا چوونانەی کە من لێرەدا باسی لێوە دەکەم زۆر تازە نین ، ئەشێ لەمە زیاتر و بەدیقەتتر بەدواداچون کرابێ لەسەری ، هەروەها دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاوو بێت کە تا چەند ڕێگە دراوە کە ئەم بەحسانە و بەدواداچوونانە بڵاو بکرێتەوە، لە دوای تێپەڕبوونی 60 ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا ئێستاش زۆرێك لەو زەوی و زارانە بێ کەڵکن بۆ چاندن و ڕووان. تا دوای 50 ساڵ لەو ڕووداوە بەپێی ئەو بەحسانەی کە کرابوون بەشێکی زۆر لەو منداڵانەی کە لە دایك دەبوون ئیفلیج و خوارو خێچ دەرئەچوون. مەبەستی من لەم باسە چوونە ناو قوڵایی باسی بۆمبی ئەتۆم و کاریگەرییەکانی نییە ، ئامانجی من لەم باسە نیشاندانی دڕندەی و ڕەفتاری دژی مرۆڤانەی ڕژێمی ئەمەریکایە وە بووچ کردنەوە و بەدرۆ خستنەوەی درۆو دەلەسەو پڕو پاگەندەکانیانە سەبارەت بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ ، وە سەبارەت بە خۆ نیشاندان و خۆپێناسە کردنیان لە ڕووی ئاستی جهیاندا وەك جەمسەرێکی گەورەی دژی تیرۆر و پارێزەی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری دنیادا.

لەهەر جێگەیەکی ئەم دنیایە شەڕو کوشتارو تیرۆر هەبێ ، لەوێ بەجۆرێك لە جۆرەکان ، ڕاستەوخۆ بێت یان نا ڕاستەو خۆ دەستی ئەمەریکای تێدایە، لەهەر شوێنێك ئیسلامی سیاسی بەهێز بێت و خەریکی سەربڕینی ژنان و منداڵان و ئینسان و دەقاندنەوەو کوشتن و بڕین بن ، وە خەریکی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگای مەدنی بن، ئەوە ڕژێمی ئەمەریکایە کە ئەوانی بەهێز کردووەو لە دەورانێکدا بۆ مەبەستی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری هێناون و بەهێزی کردوون. وە بۆ مەبەستی مانەوەی دەسەڵاتەکەی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە بەشێکی زۆر لە وولاتانی ئەم دنیایەدا درێژە بە داگیرکاری و پیلایم کردنی خۆی دەدات کە عێراق یەکێك لە زەقترین نموونەکانی ئەم کاولکاری و داگیر کارییەیە لە ژێر پروپاگەندی پووچ و بێبنەمای هێنانی دیوکراسی بۆ عێراقدا.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە لەم نمایشی ڕشتنی فرمێسکی تیمساحیانەدا بۆ کارەساتی 1945، (بۆش)ی دەست و پل خوێناویی بە خوێنی هەرزاران هەزار لاوو ژن و منالْ ، لەشەڕە یەك لە دوای یەکەکانی لەسەرتاسەری دنیادا ، خەلْکانێکی وەك سەرۆکی وولاَتە دیموکراسی و ئەوروپاییەکان ، لەوانە یۆران پێرشۆنی سەرۆك وەزیرانی سوید ، لەپەنای ئەم دیراما ساختەیەی بۆشدا بەشدارییان کرد ، وە ئەوانیش چوونە پشتی ئەو سیناریۆیەوە کە ئەمەریکا بەڕێیخست.

بۆش لەم نمایشەدا بەدەستی خوێناوییەوە چەپکە گولْی ڕێزلێانی بۆ قوربانیانی جەنگی جیهانی دووەم، لەسەر مەزاری گیانبەختکردوان دانا. بەراستی بۆش و سەرانی تری وولاَتانی دنیای سەرمایەداری ڕووقایم و بێپەرەنسیپن ، خۆیان ئینسانەکان دەکوژن ، خۆیان چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو لە دژی مرۆڤی بێدیفاعدا بەکار دەهێنن و دەیانسوتێنن و زیندەبەچاڵیان دەکەن. ئەمجاش دێن و فرمێسکی تیمساحانەیان بۆ دەڕێژن..!!

نەفرەت لە تیرۆریستان و بکوژانی ئینسان

مەرگ و ریسوایی بۆ سیاسەتی نامرۆڤانەی ڕژێمی ئەمەریکاو بۆش.